**کورتە وەڵامێک وەک برووسکە بۆ : هاوخوێن و هاوچارەنووسەکانم لە هەڵەبجە و هەر شوێنێکی تر بن....**

هەڵۆ بەرزنجەیی




---------------------------- ---------

گوایە ئەم کەسەی لەم وێنەیەدا دیارە،( لوقمان) ی ناوە قسەکەشی خراوەتە ڕوو، ئەوە بیرکردنەوەیەتی... ((((وەک کەسوکاری قوربانی هەڵەبجە: گەردنی سەدام ئازاد دەکات))))!?!?!?!?!?
هەندێ دەزگای میدیایش وەک هەنگوینی لە کلۆرە داردا دۆزیبێتەوە لەخۆشیدا نازانێ چ ڕۆنی بدات لە قەلبی..! ئەم ئەواڵە پەخش بکاتەوە!!. کۆمەڵێ نەزان و ساویلکە و بێژووش دەهۆڵی بۆ دەکوتن و بە تێکڕا سەرچۆپی مەرگی کوردیان بەستووە...
بەڕاستی کارەساتە! تکاندنی ئابڕوو و شوورەییە! ئەمە سواڵی پارەیە. جا براله ئەگەر ئەوە بەغدا چنگێ پوولی دایتێ! ئایا تۆ خوێنی خوشک و برا و کوڕو کچ و مێرد و ژنت بە پارە دەفرۆشی؟؟!!..
نا نا، ئێوەی سەرلێشێواو و سەقەت کراو!  جگە لەوەی دروست تۆ قوربانی هەڵەبجە و ئەنفال و کوردایەتیت! ، هەر لە ڕقی دەسەڵاتی کوردی،دەتەوێ لە بکوژ و ستەمکار و خوێنمژەکەم خۆش بیت و گەردنی ئازاد بکەیت!!.. بەڕاستی من هێشتا کەسم نەدیوە، وەک ئێوە لەداخی منداڵی دراوسێ، ورگی منداڵی خۆی بدڕێ!!.. .

بەگشتی حاڵەتەکە لەنێوان دوو بڕگەدایە:
ئەگەر توڕەیت، هەقی خۆتە!، بەس خۆ نابێ منداڵەت بکەیتەوە بە قوربانیەکی نوێ! بەڵکو بەئامۆژگاری و پشوودرێژی هەوڵی لەگەڵ دا دەدەیت، بێتە سەر ڕێی ڕاست..یاخود ..راسپێردراوی و قورمیشکراوی بۆ ئامانجێک بەکارت دێنن! یاخود حەزت بەوەیە ڕۆڵ و تەمسیل بگێڕی!!...
هاوچارەنووسەکەم : ئێوە باش دەزانن گەر ئێوەش لە داگیرکەر و زاڵم و بکوژ و دوژمنانتان خۆش بن ! ئەوا میللەت و مێژوو لێیان خۆش نابن! خودی شەهید و قوربانییەکانی دراوسێتان، گوندەکەت و شارەکەت، کەسوکارت لێیان خۆش نابن...
تۆ دەزانی لەم هەڵوێستەتدا  جگە لە پەڵەیەکی شەرمەزاری هیچی ترت لەم بۆ نەماوەتەوە!!...
ئاخر تا هەنووکە هیچ (جولەکەیەک) لە (هیتلەر )خۆش نەبووە!...
هیچ (ئەرمەنییەک) لە (سوڵتان عەبدولحەمید و ئەتاتورک) خۆش نەبووە!
هیچ (عەرەبێک) لە (موشەدایان و شارۆن) خۆش نەبووە!
هیچ (ڕۆژهەڵاتییەک) لە (خومەینی و خاڵخاڵی) خۆش نەبووە!

هیچ (ڕۆژئاواییەک) لە (ئەسەد و ڕێوی) باوک و کوڕ خۆش نەبووە...؟؟؟!!!!

یاخود مەسەلەکە بریتییە لەوەی بە فەرمان! ئەم ڕۆڵە خراپ و ریسواییەتان پێ دەگێڕن هیچی تر نین...
ئێمە ئاگادارین و مێژووش گەواهە! بنەماڵەی شەهیدانی سەربەرزی کوردایەتی سەرگەرمی درێژەدانن بە خەبات و سەنگەریان چۆڵ نەکردووە، داوای هەقی رەوای نەتەوەکەیان دەکەن...
بەداخەوە ئێوە! بۆ ئامانجێکی گڵاو بەکار دەهێنرێن! ئێوە خۆتان کردۆتە قەرەقوزی گەمەیەکی تا سەر ئێسک ناشیرین و نزم و گوماناوی..! من ئێستا دەزانم بەدەست ئازاری ویژدانتەوە( گەر هەتبێت)!! چۆن تلاوتل دەکەن..ئێستا دەزانی چ کڵاوێکت لەسەر نراوە؟..!ئێستا دەزانی سەرت بەسەقەتی تاشتراوە و ئاوێنەشت دراوەتە دەست؟!.. ئێستا دەزانی رووی ناو کۆمەڵت نییە !هەڵەبجەییەکان ، ئەنفالکراوەکان قێزت لێ دەکەنەوە!!!

ئاخر شەڕی دەسەڵاتێکی گەندەڵ و دز بەو جۆرە نییە؟!.. تۆش ئامانجت دادپەروەری و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگەکەت نییە؟!.. بەڵکو چنگێ پولی ڕەزالەتی و سووک و سەلیمی و هەوڵ دەدەیت بۆ بەدیهێنانی ئامانجی پیس و دۆڕاوی سەر شانۆی سیاسی...!گومانم هەست تۆ و ئێوە هەڵەبجەیی و ئەنفالکراو بن ! نا ، نا هەڵەبجەییەکان :سەرکەش و قارەمانی کوردایەتین...

کوردبوون هێندە ئاسان نییە، ئێوە بیکەنە بەردەبازی دەروونی نەخۆش و مەرامی چڵکنی خۆتان و کەسیش لە داگیرکەر و دوژمن و بکوژی و کاولکەری نیشتمانی خۆی نابورێ...سەدام و عەلی کیمیاوی دروشمەکانی عروبە، وان لەناو زێرابی شەقام و کۆڵان و دەشت و دۆڵی هەڵەبجەی مەرگ بەزێن و گەرمیانی سەربەرزی کوردایەتی دا...

ملیۆنەها سڵاو بۆ گیانی شەهیدانی هەڵەبجە و ئەنفال و بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد...
ڕووڕەشی بۆ خاکفرۆش و خۆفرۆش و تابووری پێنجەم لە کوردستان دا......؟